## سەربازێکی وون یا داستانێکی لەبیر چوو؟؟ .... خاڵەحەمە

هەڵۆیەکی باڵ سەوز هێشتا تەپوتۆزی شەڕو هێرشی داڵەکانی وولاتی ئەودیو زانیاری و تاریکی لەسەر شان و قۆڵی خۆی نەتەکاندبوو، هێشتا داستانی داکۆکی خۆی بۆهەڵۆکانی رۆژهەلاٌت لەسەر تەختەی رەشی قوتابخانە نەنوسیبۆوە، کەچواردەوری هێلانەکەیان گرت و ویستیان باڵ بەستی بکەن. . ئەم هەڵۆ باڵ نەخشینە قەرسیلیە هەمیشە بەرز فڕو بەرز ئەفڕی، هەرگیز باڵەکانی لەفڕین ماندوو نەئەبوو، بەرەولووتکە ملی ئەناو شارەزای داچوون و نشێوی ئەم ژینە نەبوو. . ئەم هەڵۆیە عاشقێکی پاکی بە ئەمەک بوو لەژێر چەتری باڵەکانیا جێگەی ژووانی بۆ هاوسەرە چاوڕەشە پرچ ڕەشەکەی رائەخست و رۆحە پیرۆزەکانیان لەناو ئاگردانێکدا کە ئاگرێکی بێ خۆڵەمێشیان تیاهەڵکردبوو ئەسوتان، ئەسوتان بۆ ئازادی کوردو کوردایەتی، لەکەژاوەی دڵەگەورەکەی خۆشیاندا گۆرانیان بۆ پاشەڕۆژێکی ئارام و منداڵان و کیژۆڵە شەش مانگەکەی خۆیان ئەووت کە تازە فێری ووشەی بابە بوبوو. . . سروشت، ئاسمان، رێسمان ئیرەییان بەعەشقی ئەم دوو دڵبەستە، چاومەستە ئەبرد و دوژمنان و خۆفرۆشانی کوردیش بەدوای سەریاندا عەوداڵ بوون.

کاتژمێر یانزەونیوی نیوەڕۆ بوو کە سەربازەکانی بەغدای تاوان و ئەودیو تاریکی بە ناودێدا بلاوبونەوەو چۆکیان ئەلەرزێ، چاوەکانیان خوێنی لێ ئەبارێ، تف لە قورگیانا ووشک بووبوو، چەکە ڕوزەردەکانیان ئامادەی خوێنڕشتن و تاوان کردن بوو کەلەرۆژانی شیروقەڵغان و تیرەوە لە باپیرانیانەوە بەمیرات بۆیان بەجێمابوو، خۆفرۆشان و نیشتمان فرۆشانی کوردیش وەك داڵەکانی بیابان، تینوو برسی، وەک یەگی خوێڕی و بێ لانە، وەک یەگە ڕەشەکەی (نوگرە سەلمان) پەناو پاساریان ئەکرد و چاوەڕوانی مەرگی هەڵۆی باڵ سەوزبوون. .

رۆژ1982/11/18 ە، گەلاوەربیوەزەردەکان، تێکەڵ قوڕوچڵپاوی ناو دێ و دەنگی (وەلەکە عەرەب) و شیرەی خۆفرۆشانی کوردبوبوون کەبەخشپە، بێدەنگی ناو دێیان ئەشێوان و جاڕی کارەساتێکی جەرگبڕیان ئەدا، پاساریەکان هەرزوو گوێسوانەکانیان بەجێهێشت و لەسەر لق و پۆپی دارە روتەڵەکانی ئەوبەر ئاوایی کز هەڵنیشتبوون ولەئاسمان و دیمەنی ناودێیان ئەڕوانی، داخۆ چی رووبدات، منالانی ئاواییش چاك ئەیانزانی سەربازەکانی رژێم چەند درەندەن و ئەم هەڵۆباڵ سەوزەش (مامۆستا بەرزان عیمان) ەو مامۆستای قوتابخانەکانی شۆڕشەو مەرگ نەبێت هێزێکیتر نییە باڵەکانی ببەستێت، مەرگ نەبێت توانایەک نییە باڵەکانی لە فڕین بخات و لە کوردستان جودایبکاتەوە. .

لەورۆژەوە تاکوو ئەمڕۆ23 ساڵی خشتە ئەم هەڵۆیە بەئاسمانی کوردستاندا بەدوای هاوڕێیەکی بەوەفادا وێڵەو ماندوونابێت، 23 ساڵە چاوەڕوانی هەڵۆکانی هاوڕێیەتی کە تەنهاجارێک بیرەوەری و یادەکانی لەگوڵ بگرن و چڵەگوڵێک بدەنەدەست کیژۆڵەکەی کەئەمڕۆ خانمی ماڵی خۆیەتی و پێویستی بەکەس نییە. .

هۆ خەڵکی شار سەرهەڵبڕن ئەوەتا هاتۆتەوەو بە (هەژان) کچی ئەڵێت لێم زیزمەبە من گۆرانیم بۆ عەشق و منالان و تۆ ووتوە، کارو پیشەم بوو سەرم بەخشم بە کوردستان.

هۆهەڵۆباڵ سەوزەکان ئەوەتا هاتۆتەوەو سەرتاپا جەستەی شەلالی خوێنەو نەفرەت لەدەسەلاتی نەتەوەپەرستانی (عەرەب و فارس و تورک) ئەکات و بانگی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان ئەدات بەگوێچکەی کوردو ئەم دنیا کەڕو کاسەدا. . . .

یادت بەخێر ئەی شەهیدی گەورە، ئەی مامۆستاو پێشمەرگە.

خاڵەحەمە/دانمارک/ڤالبی

(________________________________)

تکایە لەرۆژی 2008/11/18 دایبەزێنن کە ساڵڕۆژی شەهیدبونی مامۆستا (بەرزان عیمان) ە

(________________________________)